## شیرکەتەکانی شێل و رپسول پێوەندیان لەگەڵ پیشەی گازی ئێران پچڕی

شیرکەتە گەورە نەوتیەکانی رویاڵ دا چ شێل و رپسول لە هەوڵی پچڕانی پێوەندی لەگەڵ پیشەی گازی ئێرانن. هۆی دور کەوتنەوەی ئەو دوو شیرکەتە لە رژیم، فشاری سیاسیە کە لە لەلایەن وەڵاتە یەکگرتوەکان خراوەتە سەریان. هەواڵدەری رۆیتەرز رۆژی ۳ی مانگی مەی لە زمان رۆژنامەیێکی ئیسپانیایی بە ناوی ئەکسپانسیون، هەواڵی دا کە لێپرسراوانی ئەو دوو شیرکەتە لە حاڵی ووتووێژدان لەگەڵ رژیمی ئێران کە فەشەل بە قەراردادی هەڵهێنجانی نەوت لە ئێران بهێنن.

پرۆژەی بەهرەوەری فازی ١٤ی مەیدانی گازی پارسی ئێران بە شێوەی رێکەوتن نامە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ بە واژووی ئەو دوو شیرکەتە گەیشت. ئەو دوو شیرکەتە بۆ واژووی رێکەوتنی کۆتایی خوازیاری ماوەیێك بوون بۆ لێکۆڵینەوە، بەڵام لەگەڵ پێداگری رژیم، واژوو نەکراوە. بڕی ئەو رێکەوتنە ١٠ ملیارد دولارە.